www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرووەری یەکانی شارەوانی هەڵەبجە ... ئیبراهیم هەورامانی

شارەوانی هەڵەبجەی شەهید یەکێکە لەو فەرمانگە خومەتگوزاری یانەی شارەکە لە پێناو ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی شارو بە شارستانی کردنی سیمایی شاردا هەر لەپاش راپەرینی بەهاری 1991 و کردنەوەی لە شارەکەدا چەندین سەرووەری گرنگی تۆمارکردووە. کە مایەی سوپاس و دەستخۆشی هەمموانە. بلموناسەبە بە پێویستی دەزانم بۆ ئاگادربونی خوێنەران هەندی لەو سەرووەری یانەی شارەوانی ناوبراوو لێرەدا بخەمە ڕوو: * ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی خانووە تەجاوزەکان زیاد دەکات و چارەنوسی ژمارەی ئەو پارچە زەوی یانەی بۆ هاوولاتیان دابین کراون لە چوارچێوەی پارچە کاغەزێك ناچێتە دەرەوە. * بەهۆی نەبونی یاسایەك بۆ ڕیکخستنەوەی بازار و شەقامەکان شار بە گوندێکی گەورە دەچێت ئەوە بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵە لە قودرەتی دا نی یە ناوچەی پیشەسازی شار دابین بکات * بەهۆی بی توانیی کادرە هونەری یەکانیەوە دوو ساڵە شەقامی دووسایدی دەروازەی شار تەواو چوار پێنج گەلابە خۆڵ و دوو نەمامە درەختی پی پەیدا ناکرێت تا سیمایەکی جوان ببەخشتێتە شارەکە. * کە بریارێك لە شارەوانی ناوبراوەوە دەردەچێت رۆژی جێبەجێکردنی لە رۆژمێری شارەوانی دا نیە و بەدواداچون بۆ بریارەکە ناکرێت. * سەیارەی خۆڵە عەمەلە ئەوە پابەندن بەبریاری کاتەکانی کارکردنەوە بە ئارەزوی خۆیان خۆڵ و خاشاك کۆدەکەنەوە. ئەمەش بوەتە مایەی سەرنجی هاوولاتیان لەسەر ئەو خاشاکەی لە رۆژانی پێنج شەممەوە تا یەك شەممە چاوەروانی سەیارەی خۆڵە عەمەلە دەبن. سەرووەری یەکان زۆرن و من زۆریانم لە بیر چۆتەوە بۆیە لە جی ی خۆی دایە لەبەرامبەر ئەم سەرووەری یانەدا کاتی ئەوە هاتووە سەرجەم ئەندامانی ئەم شارەوانی یە بە سەرۆکەکەشیەوە بی بیر کردنەوە وازهێنان رابگەیەنن چونکە ئەگەر بێتو لەمە زیاتر بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان ئەوە هەڵەبجە دەبێتە پاریسێکی سەردەم و شارەکانی دیکە بەخیلی بە ژیانمان دەبەن.